# چاری ناچار

## نووسه ر: یه ڵماز گۆنه ی

## وه رگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف

باوك، خزمه تكاری ویكاله ت خانه و نووسینگه یێكی مافه وانی بوو.

به مزو مووچه یێكی فره كه م ناچار بوو ژیانی پێنج سه ر خێزانی پێ

بژێنێ. دایمه ش هه ر ئه م ڕسته و قسه ی له سه ر زار بوو: " خه ریكی

بێگاریم". ڕۆژێ كوڕه ی كابرای خزمه تكار بۆ دیتنی باوكی ده چێ بۆ

فه رمانگه كه. ده م و نیوه ڕۆ ده بێ . كوڕی خاوه ن ویكاله ت خانه كه له وێ

بوو . خه ریكی نانی نیوه ڕۆ خواردن بوو. ئه ویش هه ر وه ك كوڕه ی كابرای

خزمه تكار ، منداڵێكی ته مه ن ده ساڵان بوو. به ڵام خوو و خده و هه ڵسوكه وتی

زۆر له گه وران ده چوو و مرۆڤی ده خسته وه بیری باوكی كه دادوه رێكی خانه نشین بوو.
كوڕه ی خودان ویكاله ت خانه كه ، كه تیكه و پارووێكی له زاردا بوو،

بێ ئه وه ی سه ری هه ڵبڕێ، به كابرای خزمه تكاری ده فته رخانه كه ی وت:

حیلمی به گ ... په رداخێ ئاوم بۆ بێنه !...
كابرای داماو چوو ئاوی بۆ هێنا و وتی : " فه رموو"

كوڕه هه مدیس وتی : ده ڕاوه سته پارووه كه م قووت ده م...نازانی مرۆڤ

تیكه ی (پاروو) چاك نه جوێ ، بۆ گه ده ی باش نییه.
له سه ره خۆ تیكه كه ی هه جووی . به ده سماڵێكی قاقه زی لیو و له وسی

خاوێن کرده وه و دوای ئه وه ی په رداخه که ی لێ وه رگرت و هه تا نیوه ی

نا  به سه ره وه ، وتی: په رداخه که خاوێن نییه... په رداخه کان جوانتر بشۆ!...

کوڕه ی خزمه تکاری ده فته رخانه که. له وه ی ده یدیت  مێرمناڵێک ئاوا

ده ستوور و فه رمان به باوکی ده دا. زۆر خه م دایگرتبوو و گه لێ ئه وه ی
لا گران بوو.
کوڕه ی خودان ده فته رخانه دوای ئه وه ی ده س وپلی  به ده سماڵی قاقه زی

خاوێن کرده وه ، وتی : خڕی که وه!...

کابرای داماوی نووسینگه که ، به رماوی کوڕه ی  کۆ کرده وه که چی کوڕه

به ئیشاره تی ده ستی ، مێشێکی سه ر شووشه ی دیو و ژووره که ی پێ پیشان دا

و وتی : حیلمی به گ ... ئه و مێشه بکوژه.
کابرای به سته زمان مێشه که ی کوشت. سه ر مێزی کوڕه شی جوان پاقژ

کرده وه و لیّی دا چوو.
مندالّی کابرای داماو  که له ده س کوڕه ی خاوه ن کار ، گه لێ قه لّس و تووڕه

ببوو، وتی : ده ئاخر له به ر چی ئاوا ده گه ڵ باوکم ده جووڵێیته وه ؟

کوڕه ی خاوه ن کار به تاقه ووشه یێک  وه رامی  دایه وه : " ناچاره " .
ئاخر له به ر چی ناچاره؟

ئیدی ناچاره!...

بۆچی؟
باوکی کوڕه ی داماو گه ڕابووه وه و ده سه سڕێکی بۆ شت ماڵین به ده سته وه

بوو، کوڕه ی خاوه نکار  له سه ر جێگه که ی هه ستا و  وتی : حیلمی به گ،

دا  ئه و پاڵتاوه م بۆ بێنه!...

منداڵ وتی : باوکە بۆی مە هێنە...لێیگە ڕێ با بۆ خۆی بچێ بیهێنێ!...

کوڕە پێی وت : باوکت ناچارە .

باوکی داماو بێ ئە وە ی وە رامێ بداتە وە . چوو پاڵتاوە کە ی بۆ هێنا و

کوڕە ش بە فیزنی وە ك کارمە ندێکی پایە بە رزی دە زگا و ئیداران .

پاڵتاوە کە ی لە بە ر کرد و لە حاڵێکدا لە دە رکە وە دە ر دە کە وت، وتی :

ئە تۆ مناڵێکی زۆر پیس و پۆخڵ وبێ شە رمی . باوکم بێتە وە، پێی دە ڵێم .

باوکی داماوی کوڕە بە نە رم و نیانی یە وە پێی وت : قوربان لێی مە گرە...

ئە تۆ لە جێی برای دای، نابێ لە دە ستی دڵت بێشێ.

کوڕە وتی : مناڵە کە ت چاك بار نە هێناوە .

سووکێتی کردن بە باوك ، زۆر کاری خراپی کردە سە ر کوڕە ی کابرای داماو.

کوڕە بە خۆی دە گوت : " باشە چی بوو بە هۆی ئە وە ی باوکم لە بە رامبە ر

مێرمناڵێکدا ئە وە ند بشکێ و وا خۆی ملکە چ بکات ؟ "

کوڕە ی خاوە نکار لێی دابوو چوو بوو، باوك بە کوڕە ی وت: کاری چاکت

نە کرد کوڕم...
گە ر خاوە نکار لێرە بوایە ؟!...

منداڵ وتی : ئاخر باوکە ، لە بە ر چی ناچاری؟ بۆچی پێم ناڵێی ؟

باوك بە لارە ملی پێی وت : کوڕم گە ر بە گوێیان نە کە م ، بێکارییان

بۆ نە کە م، کارە کە شم لە کیس ئە چێ و وە دە رم دە نێن.

دە باشە باوکە دە رت کە ن ،چ دە بێ ؟

دایمه ره ش و ڕووت و برسی و تینوو ده بین ، ئێمه ناچارین کوڕم.

مناڵ وتی ؛ ده ی باشه باوکه کار و هه رمانێکی دی ده س ناکه وێ ؟

باوك وتی : کوڕم بچمه سه ر هه ر کار و هه رمانێکی دیکه ش تۆفیر ناکا.

ئه م ئاغه وات و ده ره به گ و کوێخایانه هه موویان هه ر وه ك یه کن ،

ئه حمه و مه حمووویان چ تۆفیر ناکات .... ئه مانه ته نێ ناویان جیاوازه و

به س ، ئه گینا سرشتی هه مووان هه ر وه ك یه که کوڕم. هه موویان هه ر

وه ك یه کن...
ده نگێکی بۆڕی تووڕه به رگوێ که وت : حیلمی به گ !...

باوك 25 قروشییه کی دا به کوڕه ی و پیێی وت : کوڕم ... ئه تۆ بچۆوه بۆ ماڵ.

کوڕه له نێو کووچه و کۆڵانا له حاڵێکدا هه ستێکی نامۆ ، هه موو گیانی

ده ورووژاند، ڕێی ده بڕی. که چی هه موو هه وڵی ئه وه بوو له نێو جمه ی

جه ماوه ر و هاتوو و چۆکه رانی سه ر شه قامدا، " ناعیلاج " و "ئه وانه ی

ناچار و ناعیلاج نین " لێك جوێ بکاته و ه و دووڵا جوان بناسێ.

وه رگێڕ بۆ فارسی : دوکتۆر ئیره ج نه وبه خت

Renas caf@yahoo.com